درێژەی ڕاگەیەندراوی پلینۆم

... به فەرمانی خامنەیی گەورەترین کوشتار لەو خەڵکە لەسەر شەقامەکان وەڕێ خرا.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو هەزاران کەسەی لەو ماوەیە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم شەهید بوون یان لە گرتووخانەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە، پێی لەسەر ئەوە داگرت خوێنبایی ئەو شەهیدانە و تێچووی قوورسی ئەم ڕاپەڕینە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە جاران لە لێواری هەڵدێران نیزیک بۆتەوە.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە بەرزنرخاندنی گیانبازیی خەڵکی کرماشان، ئیلام و مەلەکشایی لەو نارەزایەتییانەدا، مانگرتنی ڕۆژی ١٨ی بەفرانباری کوردستان بۆ پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان لە هاونیشتمانەکانیان ناوچەکانی خوارووی کوردستان، پشتیوانی لە دەنگهەڵبڕینی خەڵکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران و مەحکوومکردنی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی بەرز نرخاند و ڕایگەیاند کە ئەم مانگرتنە جارێکی دیکەش پێگەی بەرزی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا پێشان دایەوە و متمانە و ئێعتباری زیاتری بۆ کورد لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا دەستەبەر کرد.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوەی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە لە ئێران و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی وەک هەڵبڕینی هەموو هێڵەکانی پێوەندیی نێوخۆی ئێران بە دەرەوە، سەرکوتی خوێناویی خەڵک و کردنەوەی پێشانگای تەرمی کوژراوەکان هەڵوێستی ئەمریکا و ئورووپا لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیی لێکنیزیکتر کردەوە؛ لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەوەی هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامیی ڕاگرتووە تەنیا ئامرازی هێزی سەرکوت و نەبوونی جێگرەوەیەک بۆ ئەم ڕێژیمەیە. پلینۆم لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەوڵی هەمەلایەنەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە لانیکەمی ڕێککەتن و کۆکردنەوە و وەسەریەکخستنەوەی هێزەکانیان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی ژیانەکییە. هەر لەو چوارچێوەیەشدا لێکنیزیکبوونەوەی زیاتری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرهەمداربوونی کار و پرۆژەکانی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی بەرز نرخاند.

پلینۆم لە بەشێکی دیکەی باسەکانی خۆیدا بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان و تەشەنەسەندنی شەڕ و ناکۆکییەکان ڕای وابوو، ئەوەی لەو ماوەیە لە شاری حەڵەب و شوێنەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە دژی کورد لە ڕۆژئاوا ڕوو دەدا لە درێژەی ئەو شەڕانەیە کە لە ساڵانی ڕابردووشدا بەردەوام کراوەتە سەریان و ئامانج لەوەش دیسان پێداگری لەسەر سیاسەتی ڕێژیمەکانی پێشوویە کە وەڵامی هەر مافخوازییەکی کوردەکانی ئەم وڵاتەی بە قەڵاچۆ و گۆڕینی دێموگرافی و پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە داوەتەوە. پلینۆم پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە بە کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەتەوەیی ناکۆکییە سیاسییەکان چارەسەر نابن و نەتەوەی کوردیش کە بە درێژایی مێژوو بۆ مافە ڕەواکانی خوێن دەدا و گیان دەبەخشێ، لە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافەکانی سارد نابێتەوە. بۆیە داننان بە یەکسانی و مافە ڕەواکانی کورد و هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە و هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییانە بە ڕێگەی وتووێژ، چارەسەری ڕاستەقینە ئەو دۆخەیە. هەروەها دەستپێشخەری لایەنە نێودەوڵەتییەکان و قوورسایی ئەوان بەپێی بەرپرسایەتیی سیاسی و ئەخلاقییان دەتوانێ هاندەر و یارمەتیدەرێکی گرینگ بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە بێت.

چەند بڕگەیەکی دیکەی دەستووری کاری شەشەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی چۆنیەتیی کاراکردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆرگانیزمی حیزبی پێوەندیدار بە دۆخی ئێستای ئێران و کوردستان لەپێناو ئامادەیی زیاتری حیزب بۆ بەرەوڕووبوونەوە و دەوربینینی زیاتر لە پێشهاتە سیاسییەکانی داهاتوو بوو کە پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی بەشداران ڕاسپاردە و بڕیاری پێویستیان لەسەر درا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٤**

## مستەفا هیجری:

# ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە ئێرانداین

**هالی ویلیامز، ستیڤ بریمەن، تاکەر ڕێلز**
**١٥ی ژانویەی ٢٠٢٦ – سی بی ئێس نیوز**




لە شاخەکانی کوردستانی عێراق، تەنها ٣٠ میل (٤٨ کیلۆمەتر) دوورتر لە سنووری ئێران، سی بی ئێس نیوز بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە چاوی بە جەنگاوەرانی حیزبێکی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی کوردیی ئێران کەوت ـ کە زۆربەیان ژن بوون؛ حیزبێک کە دەڵێت ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە و یارمەتیدانە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتدارە ئایینی و توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (PDKI) لە نێوخۆی ئێراندا قەدەغەیە و لە تاراوگە، لەو دیوی سنوور و لە کوردستانی عێراقدا چالاکی دەکات. ئەم حیزبە ساڵانێکە بۆ ئەو ڕۆژە ڕاهێنان دەکات کە بتوانێت ڕێژیمی ئێران لە دەسەڵات لادات؛ لەگەڵ ئەوەشدا، لە بارودۆخێکدا کە وا دەردەکەوێت سەرۆک ترامپ لە هەڕەشەکانی سەبارەت بە دەستێوەردانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە قازانجی خۆپێشاندەرانی ئێران پاشەکشەی کردبێت، ڕێبەری ئەم حیزبە کوردییە بە «سیبیئێس نیوز»ی ڕایگەیاند کە هێشتا کاتی ئەو جووڵەیە نەهاتووە.

سەرۆک ترامپ ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە لە «سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە» بیستوویەتی «کوشتار لە ئێران خەریکە دەوەستێت» و ئەوەی کە دوای سەرکوتکردنی توندوتیژ بۆ کۆتاییهێنان بە دوو حەوتوو لە خۆپیشاندانی بەرفراوان، «هیچ بەرنامەیەک بۆ لەسێدارەدانەکان» لەو وڵاتەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرچاوەگەلێک لە نێوخۆی ئێران بە سی بی ئێس نیوزی وتووە کە سەرکوتکردنی بەرپرسانی ئێرانی ڕەنگە بووبێتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٢ هەزار کەس؛ ئامارێک کە ئەگەری هەیە زۆر بەرزتریش بێت.

ئاڵۆزییەکان لە ئێران هەروەها بەردەوامە؛ خۆپیشاندانگەلێک کە لە کاردانەوە بە قەیرانی قووڵی ئابووری دەستیان پێکرد. قسەکانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وادیارە نیشاندەری پاشەکشەیە لە هۆشدارییەکان سەبارەت بە دەستێوەردانی نادیاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران، و هەروەها هەڕەشەی ڕۆژی سێشەممەی ترامپ سەبارەت بە دەرکردنی فەرمانی «کردەوەی زۆر بەهێز» لە ئەگەری لەسێدارەدانی خۆپیشاندەران. ئەم هەڵوێستە، بە ئەگەری زۆر هەمان پەیامی واشنتۆن نییە کە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کە لە عێراق ڕاهێنان دەبینن ـ هیوایان پێ بەستبوو.

فەرماندە سەیران گەرگولی بە سی بی ئێس نیوزی گوت: "ئەم خۆپیشاندانانە هیوای پێ بەخشین کە ئەو ڕێژیمە سەرکوتکەرەی کە بە شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ (١٣٥٧) هاتە سەر دەسەڵات، سەرەنجام دەڕووخێت؛ بەڵام ئەمە تەنها لە حاڵەتێکدا دەکرێت کە ئەو خەڵکەی لەسەر شەقامەکان خۆپیشاندان دەکەن، یارمەتیی نێودەوڵەتی وەربگرن."

مستەفا هیجری، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، زیاتر لە چوار دەیەیە کە لە تاراوگە دەژی و سەرکوتکردنی چەندین شەپۆلی گەورەی نارەزایەتی لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە بە چاو دیوە. ئەو لە کاتێکدا کە وا دەردەکەوێت دوایین خۆپیشاندانەکانیش ڕەنگە تووشی هەمان چارەنووس ببن، وتی ناتوانێت بە دڵنیاییەوە بڵێت کە ئایا ئەم ڕاپەڕینە یەکلاکەرەوە دەبێت یان نا. بە وتەی ئەو:

"ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایا کوشتاری بەرفراوان بەردەوام دەبێت یان نا. ئەگەر بەردەوام بێت، بە دڵنیاییەوە خۆپیشاندەران توانای بەردەوامییان نابێت. لە لایەکی دیکەوە، سیناریۆی دیکەش بوونیان هەیە؛ لەوانە ئەوەی کە ئەمریکا بچێتە دانوستاندنەوە لەگەڵ ڕێژیمی مەلاکان و ناچاریان بکات مەرجەکانی قبووڵ بکەن. لە حاڵەتێکی وا، ڕێژیم دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە ژیانی خۆی بدات."

هیجری هەروەها گوتی کە بەهیوایە بۆ دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ بەتایبەتی هێرشگەلێک دژی ئێران کە "ناوەندەکانی هێزە سەرکوتکەرەکان کە تەقە لە خەڵک دەکەن لە شەقامەکان و هەروەها دامەزراوە بەناو 'دادوەری'یەکانی سەر بە ڕێژیم بکاتە ئامانج؛ دامەزراوەگەلێک کە لە خزمەتی حکومەتدان. ئێمە دەمانەوێت شاهیدی لەنێوچوونی ئەم دامەزراوانە بین." ئەو گوتیشی: "زۆربەی خەڵکی ئێران لەم ڕێژیمە نارازین و لە بەرامبەریدا وەستاونەتەوە."

لەگەڵ ئەوەشدا، هیجری لە نەبوونی پشتیوانییەکی وا لە دەرەوە، بە سی بی ئێس نیوزی گوت کە ناردنی هێزەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەودیوی سنوور ـ و بانگکردنی هەزاران کەس کە بە وتەی ئەو لە نێوخۆی وڵات ئامادەن ـ دەتوانێت لێکەوتەی پێچەوانە و مەترسیداری هەبێت. ئەو ڕوونی کردەوە: "ئەمن پێموایە کە لە بارودۆخی ئێستادا، گەڕانەوەی هێزە چەکدارەکان بۆ نێوخۆی وڵات بە قازانجی خۆپیشاندەران نییە، چونکە ئەم کردەوەیە بیانوویەکی گونجاو دەداتە ڕێژیم تا خەڵک سەرکوت و قەتڵوعام بکات. هەر بەم هۆیەشە کە هێشتا نەگەیشتووینەتە ساتەوەختی وەرگرتنی بڕیارێکی وا. بەڵام کاتێک ئەو ڕۆژە دێت و دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی ئێمە چیتر نابێتە بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی زیاتری خۆپیشاندەران، ئەوکات ڕەنگە کردەوەیەکی وا ئەنجام بدرێت."

هیجری هەروەها وتی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوازیاری ئەوەیە کە کوردەکان ـ کە نزیکەی ١٠ لە سەدی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن و نەتەوەکانی دیکە بتوانن "لە چوارچێوەی یاسایەکی دێموکراتیکدا بژین، ڕۆڵەکانیان ڕێگەیان پێ بدرێت بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، و دەوڵەت بە فەرمی دان بەم مافەدا بنێت." ئەو جەختی کردەوە کە جەنگاوەرانی ئۆپۆزیسیۆن «مەشق و ڕاهێنانیان بینیوە و لە شوێنی خۆیان ئامادەن؛ ئامادە بۆ ڕۆژێک کە حیزب پێویستی پێیان بێت".

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، لە بارودۆخێکدا کە وا دەردەکەوێت ڕێبەرە توندڕەوەکانی ئێران ـ لانیکەم لەم قۆناغەدا ـ جارێکی دیکە لە ئاڵینگارییەکی جدی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان گیانیان بە سەلامەت دەربردووە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ملیۆنان ئێرانی کە هێشتا لە نێوخۆی وڵاتدان، لە ئێستادا چارەیەکیان نییە جگە لە چاوەڕوانی.

# خالید عەزیزی: ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای تەوافوقی نێوان حیزبە سیاسییەکان و پێکهاتەکان دروست بێت

خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردکاناڵ" لەبارەی شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان لە ئێران ڕایگەیاند "ئەو جووڵانەوەیە زوو یا درەنگ کۆتایی بەو نیزامە دێنێ. زوو بەو مانایە گەیشتۆتە قۆناغێک تازە نیزامی کۆماری ئیسلامی، سیستم و ئیدارە و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، ناگەڕێتەوە پێش ئەو جووڵانەوەیە، بەڵکوو بەرەو پێشەوە چووە. ئێستا تەنیا ماوەتەوە ئەوە کە ئەو جووڵانەوەیە چۆن لە مەیداندا لە سەرانسەری ئێراندا بە جۆرێک بەڕێوە ببردرێت کە ئەو بەڕێوەبردنە یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵک ڕابگرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بتوانێ بە بەرنامەیەکی باش بچێتە پێشەوە." وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەرجی سەرکەوتنی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی بۆ بەردەوامیی ئەوان گەڕاندوە و گوتی: " هەمیشە گوتوومانە؛ هەماهەنگی و هاوکاری و یەکڕیزی لە نێوخۆی وڵات، دەتوانێ بنەمایەکی باش بن بۆ داهاتوو. خەبات و تێکۆشان و خۆپێشاندان و مانگرتن و نارەزایەتی لە ڕابردووشدا هەبوو، ئێستا بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. پێویستە ئێمە زۆرتر سەرنجی بدەین، خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ ئەوەیە لە حاڵەتێکی وادا ئەسڵ لەسەر بەردەوامییە. بۆ دەڵێم ئەسڵ لەسەر بەردەوامییە؟ بەشێک لەو خۆپێشاندانانە نەتیجەی تووڕەبوونە، نەتیجەی نارەزایەتییە، نەتیجەی وەزاڵەهاتنی خەڵکە و خۆڕسک کەوتوونەتە نێو مەیدان. چۆن ئێمە دەتوانین ئەوە بە شێوەیەک ڕابگرین و بەردەوام بێتە پێشەوە، چۆن دەتوانین بە سروشتی وەزعییەتەکە لە نێوخۆی ئێران و لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەموو ڕۆژ و ڕۆژانێک دروشم و پەیامان هەبێت و هەوڵێک بێ کە لە مەیداندا بێ؟ ئەوە پێویستی بە خوێندنەوە و خەسارناسی هەیە. هیوادارم ئێمە بە دەرەجەی یەکەم لەنێو حیزبی دێموکراتدا و بە دەرەجەی دووهەم لەنێو ناوەندی دیالۆگ و لایەنە سیاسییەکاندا خۆمان لەو قۆناغەدا ببینین کە لە ئاستی خۆماندا بەڕێوەبردن و ڕێبەریی ئەو جووڵانەوە و نارەزایەتییە لە نێوخۆی کوردستان بکەین.

خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ شوێندانەریی فاکتەری دەرەکی لە سەرخستنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە "فاکتۆری دەرەکی بێکاریگەر نییە. تا ئێستا ڕوانگەی فاکتۆری دەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا سنووردار بووەتەوە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، بەرنامەی مووشەکیی ئێران و هێزە نیابەتییەکان کە ئێران لە ناوچەکە کەڵکی لێ وەردەگرتن و لەو بوارەدا تا ڕادەیەکی زۆر ئێران فەلەج کراوە و تا ڕادەیەکی زۆر ئەوە بە نەتیجە گەیشتووە؛ بە لێدانی بەشەکانی ئەتۆمی و مووشەکیی ئێران، لێدانی ڕەهبەرانی نیزامیی ئێران و کورتکردنەوەی دەست و پەیوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکە. بەڵام کارەکە تەواو نەبووە، وئەسڵی کارەکە خەڵکی ئێران تەواوی دەکات.



## کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات:

# کۆماری کوردستان بەو ڕەمزە نەتەوەیییانە دەناسرێتەوە کە بەشێکن لە ناسنامە و هێما هەرە دیارەکانی خەباتی کورد لە هەموو کوردستان




## (وتاری حیزبی دێموکرات لە یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا)

دوای هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی و بە هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان و؛ ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزاشا و لە ئەنجامدا، دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە بەشێکی کوردستان، دەرفەتێکی لەبار بۆ بووژانەوەی چالاکیی سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکان ڕەخسا. لە وەها هەلومەرجێکدا، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی، لە سەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتیی نیشتمانپەروەر، "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" بە بیری سەربەخۆییخوازی و نەتەوەیییەوە دامەزرا. سێ ساڵ دواتر، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەما تەشکیلاتییەکانی ژێکاف، وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی-دێموکراتیک بەڵام ڕێکخراوتر و بەبەرنامەتر دامەزرا کە تا ئەمڕۆ، وەک بەڕابردووترین حیزبی کوردی، لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی بەردەوامە.

هەنگاوێکی گەورەی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی مێژوویی خەبات و تێکۆشانیدا، دابڕان لە ڕێکخستنی خێڵەکی، بنەماڵەیی و ناوچەیی و ئاراستەکردنی خەبات بەرەو فۆرمێکی کوردستانی بووە کە وەک ئامانجێکی مەزن، هەر لە جێی خۆیەتی. هەر ئەم ڕوانینەش وای کردووە کە ناسنامەی کوردبوون، ببێتە تەوەری سەرەکیی گوتار و کرداری ئەم حیزبە.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان وەرچەرخانێکی فیکری بوو کە ڕێڕەو و داهاتووی خەباتی نەتەوەیی-دێموکراتیکی نەتەوەکەمانی وێنا کردووە. لەلایەک لە ئەنجامی گەشەی بیری سیاسی و بە دامەزراوەییکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی بنیاتێکی نیشتمانی هاتە کایەوە، لەلایەکی دیکەوە، بنیاتنانی ڕێبازێک بوو بۆ دوارۆژی پرسی نەتەوەیی.

> **"کۆماری کوردستان، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بەرەو گوتارێکی نەتەوەیی و مەدەنیی گشتگیر ئاراستە کرد و کوردانی بە مافی خاوەندارێتیی نیشتمان و بوون بە خاوەن حکوومەت ئاشنا کرد"**

ئاواتی ئازادی و خەونی ڕزگاریی نەتەوەیەک بە ڕێگای زیندووڕاگرتنی مێژووی خەبات و سیمبولەکانیدا تێدەپەڕێ. کۆماری کوردستان، پاش هەشتا ساڵ، هێشتا لە بیروهۆشی نەتەوەی کورددا زیندووە. تەمەنی کورتی کۆمار و کۆتایی تراژیک بەڵام سەربەرزانەی ڕێبەرانی، ئەوە دوای ئەوە ئیلهامدەری خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بووە. ئەم تەمەنە بۆ دەسەڵاتێکی خۆماڵیی کورد کە بەدرێژایی مێژوو دەرفەتی مەشقی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبردنی کەم بووە یان هەر نەیبووە جێی شانازییە. بۆ نەتەوەیەک کە هەمیشە لە مافەکانی بێبەش و؛ ئازادییەکانی پێشێل کراوە و بوون و ناسنامەی لە ژێر هەڕەشەی سڕینەوە و تواندنەوەدا بووە، ١١ مانگ تەمەنی کورت بەڵام پڕدەستکەوت پڕە لە وانە.

خاڵێکی جەوهەری لە مێژووی کۆماردا، ڕوانگەی دیمۆکراتیکی ڕێبەرانی کۆمارە کە وێڕای نەتەوەیییبوونیان، دیمۆکراسیخواز بوون و ئەوە لە ئەدەبیات و وێژمانی کۆماردا ڕەنگی داوەتەوە. کۆماری کوردستان توانی مۆدێلێک پێشکەش بکات کە تیایدا نەتەوەیەک توانی بەبێ هەڕەشە بۆ سەر ئەوانی تر، مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. هاوکات یەکەم هەنگاویش بوو بۆ نیشاندانی ئەوەی کە دیمۆکراسی لە ئێراندا تەنها لە ڕێگەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات لە نێوان نەتەوەکاندا جێگیر دەبێت. کۆمار لێرەدا نموونەیەکی مێژوویی ئەو پێکەوەژیانەیە.

ڕوانگە و بیرکردنەوەی ڕێبەرانی کۆمار بەکردەوە بەگوێرەی کات و سەردەم جێبەجێ کراوە. بۆ نموونە گرنگیدان بە توێژەکانی وەک لاوان و ژنان، بووەتە مایەی دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان و یەکیەتیی ژنان کە ئەمە نیشانەی گرنگیدانی کۆمارە بە کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەمە نیشانەی تێگەیشتنێکی قووڵ بوو لەوەی کە ئەزموونێکی دەسەڵاتداری، بەبێ بەشداریی ژنان و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە سەرکەوتوو نابێت .

ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو ئێران ڕادەچەنێت، پێویستە بزانین کە ئەمە بەرهەمی هەشتا ساڵ مەشقی مەدەنی و سیاسییە کە ڕەگەکەی بۆ سەردەمی کۆمار دەگەڕێتەوە. لەم ئەزموونەدا، ژنان و لاوان لە پەراوێزی کۆمەڵگەوە دێنە ناو کایەی سیاسی و لە بزووتنەوەی ژیناشدا دەبنە پێشەنگ و بڕبڕەی پشتی گۆڕانکارییەکان. یەکسانیی مافی ژن و پیاو، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی بیر و باوەڕی سیاسی و ئایینیی جیاواز و ڕەچاوکردنی مافی کەمینەکان، گرینگیدان بە بواری زمان، خوێندن و پەروەردە، بەشێک لەو پرسانەن کە بە بەرنامە و بە کردەوە لە لایەن کۆماری کوردستانەوە کاری بۆ کرا.

کەوتنی کۆمار لە ڕووی مێژووییەوە "تراژیک" بوو، بەڵام شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێبەرانی کۆمار وای کرد ئەم تراژیدیایە ببێتە هەوێنی نۆستالیژیایەک بۆ بنیاتنانەوە و وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە. لە ئێستای ئێراندا، کە زۆر جار توندوتیژی و سەرکوت دەبێتە هۆی پاشەکشەی بزووتنەوەکان، بیرهێنانەوەی خۆڕاگریی و مانەوەی ڕێبەرانی ئەم کۆمارە لە گەڵ کۆمەڵگەکە، دەبێتە هۆی بەهێزکردنەوەی ئیرادەی گشتی بۆ بەردەوامبوون لە خەبات.

کۆماری کوردستان، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بەرەو گوتارێکی نەتەوەیی و مەدەنیی گشتگیر ئاراستە کرد و کوردانی بە مافی خاوەندارێتیی نیشتمان و بوون بە خاوەن حکوومەت ئاشنا کرد. کۆماری کوردستان بەو ڕەمزە نەتەوەیییانە دەناسرێتەوە کە بەشێکن لە ناسنامە و هێما گەورە و گرانەکانی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، لەوانە ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگە و سروودی نیشتمانی کە لە خۆیاندا ئاماژەن بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی لە چەشنی بنیاتنانەوەی دەسەڵاتێکی کوردی و کوردستانی.

لە ٨٠ ساڵەی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا، هەر بەرزڕاگرتنی یادی کۆمار بەس نییە، بەڵکوو دەبێت پەرە بە سامان و بەهاکانی بدەین. ئەمە بەو مانایەیە کە لە ئێرانی داهاتوودا، دەبێت پرەنسیپەکانی وەک مافی نەتەوەیی، دیمۆکراسی، بەشداریی ژنان و گەشەی بزووتنەوەی مەدەنی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و دڵخوازانە و؛ لە هەمووی گرینگتر "مەرجی سەروەریی هاوبەشی نەتەوەکان" بکرێنە بنەمای هەر جۆرە ڕێککەوتن و دارشتنەوەیەکی سیاسی و ئیداری.

لە سەروبەندێکدا یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە شەپۆلێکی نوێی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان دژ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و تەواوەتیی دەسەڵاتەکەی دەستی پێ کردووەتەوە و ڕێژیم لە لاوازترین و بێ هێزترین پێگەی چەند دەیەی ڕابردوویدایە.

بە درێژایی تەمەنی، کۆماری ئیسلامی داهات و سامان و سەرچاوەکانی نێوخۆیی، بۆ گرووپە میلیشیایی و تیرۆریستیەکانی ژێر نفوز و دەسەڵاتی خۆی تەرخان کردووە. هەناردەکردنی جیهاد و شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان، تەواوکەری سیاسەتی ناوخۆییە دژ بە مافی ژیان کە ڕیشەی لە بناژۆخوازی و بنەما فکری و ئیدئۆلۆژیکەکانی ئەم ڕێژیمدایە.

چاوخشاندنێک بە مێژووی نزیکی ئاڵۆزی و شەڕەکانی یەمەن، سووریە، فەلەستین، لوبنان و... دەمانباتەوە بۆ قووڵاییی سیاسەتی کارەساتبار و دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی کە بە هۆی دەستوەردان و وەڕێخستنی شەڕی نیابەتی و دژایەتی کردنی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوا، بە میلیۆنان کەس بوونەتە قوربانی. ئەزموونی دەسەڵاتێکی وەها سەدە نێوەڕاستی، بەسە تاکوو جیهانی دەرەوەش وەک ئێمەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، بگەنە ئەو ئەنجامە کە تا کاتێک ئەم ڕێژیمە لە سەر دەسەڵات بێت، ناوچەکە ڕووی ئارامی و سەقامگیریی بە خۆیەوە نابینێ.

لەم هەلومەرجەدا، گەڕانەوە بۆ ئامانجەکانی کۆمار، وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە تەنیا کولتووری پێکەوە هەڵکردن، یەکڕیزی و هاوخەباتییە کە لە ئامانجەکانی دوارۆژ و بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکان نزیکمان دەکاتەوە. دەبێ ئەرکی کۆمەڵگەی کوردستانی و ڕێکخراوەیی حیزبەکان، گرێ بدرێتەوە بەو بەرپرسیارێتییە مێژوویی و ئەخلاقییەی کە لە کۆماری کوردستانەوە وەک میراتێکی سیاسی بەجێ ماوە.

لەم یادە پڕشکۆیەدا، پەیامی یەکڕیزی و هاوخەباتی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵگای خۆڕاگری مەدەنی و سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان دووپات دەکەینەوە.

سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لەبەرانبەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت پێشەوای کوردان قازی محەممەد.

ئەمەگناسی و پیرۆزباییمان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بۆ زیندانییانی سیاسی، بۆ هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکڕات وسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**٣٠ی بەفرانباری ١٤٠٤**

## ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری:




### نامەی سەرئاوەڵای حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بە وڵاتان، دامەزراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە کوشتاری خەڵکی ئێران

بەڕێز شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان!
وڵاتان و دامەزراوە پێشکەوتووخوازەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی!
ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە سێ حەوتوویە بێبەزییانە بەربووەتە گیانی خەڵکی ڕاپەڕیو و مافخوازی وەزاڵەهاتوو لە دەست نەبوونی ئازادیی سیاسی، هەژاری، برسێتی و گەندەڵیی حکوومەتی. ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە بۆ شاردنەوەی جینایەت و کۆمەڵکوژییەکانی و سڕینەوەی بەڵگە و ئاسەواری تاوانەکانی هێڵەکانی ئینتێرنێتی پچڕاندووە و هەموو دەرگاکانی پێوەندی ڕوو بە دەرەوەی لە خەڵکی وڵات داخستووە. دەزگای سەرکوتی ڕێژیم لەو نارەزایەتییانەدا جینایەت دژی مرۆڤایەتیی کردووە، بە هەزاران کەسی کوشتوون کە دەیان کەس لەوان ژن و کەسانی خوار ١٨ ساڵن، چاوی هەزاران کەسی کوێر کردوون، بە دەیان هەزار کەسی گرتوون و هەزاران برینداریش لە ترسی دەسبەسەرکران ناوێرن بۆ چارەسەریی برینەکانیان ڕوو لە نەخۆشخانەکان بکەن. ڕێژیمی ئێران بە زاڵکردنی کەشی میلیتاری بەسەر وڵاتدا هەناسەی لە خەڵکی بڕیوە، پێشی دەرکەوتنی ڕاستییەکانی گرتووە و تەنانەت لە کوردستان لە ترسی پەرەسەندنی خۆپێشاندانەکان نەک هەر ڕێگە نادا بنەماڵەی کوژراوەکان ئازیزە لەدەستچووەکانیان لە زێدی خۆشیاندا بەخاک بسپێرن؛ بەڵکوو بۆ پێدانەوەی تەرمی ڕۆڵەکانیان هەتا ١ میلیارد تمەنیش پارەی لێ سەندوون.

ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرە کە لە ماوەی پێنج دەیەی ڕابردوودا هەموو کاتێک بە ڕوانگەی ئەمنیەتی و میلیتارییەوە کوردستانی ئیدارە کردوە و پێشتریش لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی "ژینا-ژن، ژیان، ئازادی"دا تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتیی خوڵقاندبوو، و بە چەکی نیوەقورس و لەنێو شارەکاندا گیانی لە سەدان خۆپێشاندەر ئەستاندبوو؛ ئەمجارەش دەستی لە تاوان نەپاراست. خۆپێشاندانەکان لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستانی لە خوێن وەردا و دەیان کەسی کوشت. بەڵام کوشتن و گرتن و زاڵکردنی کەشی سەرکوت پاشەکشەی بە خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان نەکردووە. هەر حەوتووی ڕابردوو هەموو کوردستانی ئێران لە وەڵامی بانگەوازی ٧ی حیزبی سیاسیی خۆیدا بە مانگرتنێکی گشتیی سەراسەری جارێکی دیکەش دەنگی کۆڵنەدان و مافخوازیی خۆی بەرز کردەوە.

ئێستاش بە سەرنجدان بە دۆخی نێوخۆیی ئێران و کوردستان وەک مەترسیی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی ناڕازی، پێملنەبوونی ئێران بە هیچ یاسا و پرەنسیپێکی جیهانی، کاریگەرنەبوونی هەتا ئێستای هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان لەو ماوەیە بەرپرسایەتیی کاردانەوە و وەدەنگ‌هاتن و فریاکەوتنی خەڵکی ئێران پتر لە هەموو کاتێک لەسەر شانتان قورسایی دەکات. ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی نابەرپرسیار قۆڵی لە جینایەت و کوشتاری خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز هەڵکردووە، لەم ڕووەوە کۆمەڵگەی جیهانی بۆی هەیە یەکگرتوو وەدەنگ بێ و بە وەستاندنی ئەم ڕێژیمە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی ئەم وڵاتە بۆ گۆڕینی ڕێژیم بگرێ و یارمەتیدەریشیان بێت.

ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران داوا دەکەین جیهان دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران ببیستێ، وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ شان وەبەر بەرپرسایەتییان بدەن و بە هەموو توانایان و بە هەر جۆرێک کە پێیان دەکرێ ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە بوەستێنن. مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ئێران لە دەست خۆیاندایە و کۆمەڵانی خەڵک بە تێکڕا و نەتەوە بندەستەکان بە خەباتی چەند دەیەی ڕابردوویان دژی دەسەڵاتی ئێران نیشانیان داوە شیاوی ئازادی و ژیانێکی مرۆیین و بۆ ئەوەش بەردەوام قوربانی دەدەن. ئێوە بە یارمەتیدانی خەڵکی ئێران و پشتگرتنیان لەو خەباتەدا بەشێک لە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆتان بەجێ دێنن.

- پارتی ئازادیی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**هەینی، ٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٤**

